

# کاسێۆ

س. کوردستانی
(تاران)

کرێوە و ڕەهێڵەکەی پێش نیوەڕۆ نەمابوو. تەمێکی سپی و تەڕ ڕێگا و بانی داگرتبوو. وردە بەفرێک لە شووشەی تویێتا سپییەکە ئەدا و بەفرپاککەرەوەکەیش زوو بە زوو ئەیسڕییەوە. یەکەم جاری نەبوو لە وەها ڕۆژێک ئەهاتە دەرەوە، بەڵام یەکەم جاری بوو کە خۆی بارەکەی بەرەو کرماشان ئەبرد. لەم چەند ساڵەدا کە باری مەشرووبی ئەگەیاندە تاران، پارە و تویێتا و کڕیار لە ملی خۆی بوو، بارکردن و بردنیش لە سنووری نەوسوو تا کرماشان ئەرکی کاوە. لە کرماشان تا تارانیش چەند شوفێر و شاگرد شوفێری پاس بارەکەیان بۆ ئەبرد. دوو مانگ زیاتر بە سەر پێکرانی کاوە لە سەرسنوور تێپەڕیبوو، دوکتۆر هیوای نەمابوو بتوانێ هەستێتەوە سەرپێ، بەڵام لەم ماوەیەدا بە کەسی تری نەوتبوو باری بۆ ببات و هەر چاوەڕێ بوو کاوە دانیشێتەوە پشتی فەرمان (سووکان). هەمیشە ئەیوت: کاوە! تۆ هەم دەست و فەرمانت باشە، هەم دڵ و دامانت پاکە. کاوەیش بە پێکەنینەوە ئەیوت: دڵ و دامانمت لە زووەوە ژەندۆتە نێو گووەوە، خوا ئەزانێ کەی دەست و فەرمانیشمی تێدەچەقێنی.

جادەیەکی باریک و لەبیرکراو کە چەند لادێیەکی بچکۆلە و نیوەچۆڵی نزیکی سنووری بە نزیکترین شارەوە گرێ ئەدا، بە بەهار و هاوین جاروبار ماشێنی سەیرانکەرانی بەخۆوە ئەبینی، بەڵام بەو زستانە سارد و ڕۆژە کرێوەیە لە زەمهەریری خوا ئەچوو کە هێشتا دەروازەکانی بە ڕووی گوناحباران نەکردبووەوە. ئەو ورتکە بەفرەی لە نێوان جادەی چۆڵ و سپی و ئاسمانی بۆر و ڕەشدا ئەسووڕایەوە

و لەناکاو خۆی ئەکوتایە سەر شووشەی تویێتاکە، ترسێکی نامۆی ئەڕژاندە ناو گیانییەوە. هەرجار تێر جنێوی بە خۆی ئەدا کە بۆچی لای سۆپا نەوتییە داخەکەی ماڵی کاوە ڕانەکشاوە و لەگەڵ کاوە جگەرەی بانەداوە. لەبەر خۆیەوە سوێندێکی تۆخی ئەخوارد کە ئیتر ئەم ڕێگایە ناکاتە ڕێگا، کاوەیش ئیفلیج بێ هەر کەسێکی تر پەیدا ئەکات باری بۆ ببات، بەڵام زووبەزوویش وەک منداڵێک خۆی ئەخەڵەتاند کە زۆری پێناچێ کاوە هەڵئەستێتەوە سەرپێ و دائەنیشێتەوە پشتی فەرمان.

لەو شەڕە جنێو و سوێندەی نێو مێشکیدا وەک ناوبژیوانێک لە هاتوچۆدا بوو کە تارماییەک لە دوورەوە دیار کەوت. وەک بڵێی کەسێک لە سەر جادە لەچاوەڕێی ئۆتۆمبێلێکی ڕێبوار ڕاوەستاوە. شەڕە جنێو و سوێندەکەی نێو مێشکی بۆ ساتێک کپ بووەوە و دەنگی ناوبژیوان بە تەشەرەوە وتی: چاوت ڕێشکە و پرێشکە ئەکات، ئەگینا سەگی برسیش لەم زەمهەریرەدا دەرناکەوێ، هەرچی نزیکتر بووەوە، ڕەشاییەکە تۆختر ئەبوو و زیاتر لە بنیادەم ئەچوو. زەردەخەنەیەکی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی: شوکر بۆ خوا لە من کەرتریش هەیە.

پیاوێکی باڵابەرزی کز و باریکەلە بوو بە پاڵتاوێکی شۆڕ، جامانەکەی پێچابووەوە سەر و ڕوومەتی. دەستی هەڵبڕیبوو. ماردین خێرایی کەم کردەوە، بەڵام لە یەک چرکەساتدا بڕیاری دا ڕاینەگرێ و بەلایدا تێپەڕێ. لە جامی ماشینەکەیدا بینی کە دەستی کابرای جامانە لەسەری جبەشۆڕ هەر بە ئاسمانەوە ماوەتەوە. پێی لە تورموز(ئیستاپ) نزیک کردەوە، بەڵام پەشیمان بووەوە. توند کێشای بە سەر فەرمانەکە و پێی نایە سەر تورموزدا. پێی خۆش نەبوو لاکاتە دواوە و هاتنی کابرا ببینێ، چاوی بڕیبووە جادە بەستووەکە کە بنەکەی ئەخزایە ژێر دەعبایەکی سپییەوە. دەرگای تویێتاکەیش کە کرایەوە هەر چاوی لە کابرا نەکرد. سەلامو عەلەیکە تۆخەکەی کابرای جامانەلەسەر کە لە بنەوەی ناخی ئەڕژایە دەرەوە، بە سڵاوێکی سارد و سڕ وەڵام دایەوە و وەڕێ کەوت. کابرا جامانەکەی لە دەم و ڕووی کردەوە و دەستی دایە دوعای خێر بۆ کاکی شوفێر کە لە وەها ڕۆژێکدا فریای کەوتووە. وتی کە بۆ دێی حەسەناوا ئەچێ و لە نیوەڕۆوە چاوەڕێیە یەک ئۆتۆمبێلیش لێرەوە تێنەپەڕیوە. کە قایشەکەی بەست، وتی خوا گەورەیە و عەبدەکانی خۆی هیوابڕاو ناکات. دیسان دوعای خێری کرد بۆ کاکی شوفێر. هەڵم لە دوعاکانییەوە بەرز ئەبووەوە.

تۆ بڕوانە کاری ئەو خوایە! چۆن لەم ڕۆژەدا موئمینێکی لە خواترسی ناردە ئەم ڕێگایە.. وانییە کاکە گیان؟ چاوی لەو کوڕە لاوە کرد کە ئۆتۆمبێلەکەی لێ ئەخوڕی. وەبیری دوعای شەڕی ئەو بەیانییەی دایکی کاوە کەوتەوە کاتێک دایبییە پیسەکەی ئەگۆڕی. تکا و لاڵە و تووڕەبوونی کاوە سوودی نەبوو، دایکی دوای دوعا شەڕەکانی تێر جنێویشی دایە و هەڕەشەی کرد جارێکی تر بێتەوە ئەو کەلێر و بانە، خۆی ئەڕوات و پاسگا بانگ ئەکات. هەناسەیەکی نیوەچڵی خواردەوە، لێوە باریکەکەی گەست و ددانی چەقاندە سمێڵە زەردەکانی.

"ئەگەر من خوا کەری نەکردمایە و بەم ڕۆژە نەگبەتە نەهاتبامایە نێو ئەم ڕێگایەوە، تۆیش لە سەرما ڕەق بووبایتەوە، چی؟ ئەو کات خوا گەورە نەبوو مامۆستا؟

"نا کوڕم، مەبەستم ئەوەیە کە...

"کە چونکە مەلایەکم سوار کردووە، ئیتر

موئمیـن و لەخواترسـم؟
مـەلا لەسـەرەخۆ و بـە ڕوومەتێکـی لـە سـەرما سوورهەڵگەڕاو بـە چمکی جامانەکـەی نێوچاوانـی سڕی. "ئـەوەی کـە پەشیمان بوویتـەوە و ڕاتگرت نیشـانی دا ترسـی خـوا لـە دڵتدایـە.
شـەرەجنێوەکە لـە مێشکیدا دەسـتی پـێ کردەوە. "کـەری کـوڕی کـەر نەبوایـەم سـوارم نەدەکردی.
مـەلا پاڵـی دایـەوە بـە کورسـییە تازەکـەی توێتـاوە. "خـوای گـەورە تـۆی لـە سـەر ڕێـگای مـن دانابـوو کـە مـن بگـەم بـەو ماڵـەی ئەمـڕۆ هەموویـان ماتەڵـن مـن بـڕۆم بانـگ بـە گوێچکـەی کوڕەکەیانـدا بـدەم. ئەزانـی چییـە؟ ئێمـەی مـرۆڤ هەرکاممـان دەلیلێکیـن بـۆ ئـەوی ترمـان."
گوێـی لای قسـەکانی مـەلا بـوو و بیری لای شـین و گریانـی دایکـی کاوە کـە هـاواری ئەکردە لای خوا و لێـی ئەپاڕایـەوە لـە تاقەکوڕەکـەی خـۆش بـێ و قاچەکانـی پـێ بداتـەوە. بـە سـیلەی چـاو ڕوانییـە مـەلا کـە خـۆش پاڵـی بـە کورسـییەکەوە دابووەوە، وەک بڵێـی لەسـەر منبـەرە. "خـوای گـەورە تـۆی لـەم جـادە چۆڵـە و بـەم ڕۆژە سـارد و زەمهەریـرە لەسـەر ڕێـگای مـن دانـا تـا گوێچکـەی بەچکـە موسـڵمانێک بـە بانگـی محەممـەد بکرێتـەوە".
سـمێڵە پـڕ و خڕەکـەی بـە زەخـت و زۆرەوە کێشـایە ژێـر ددانەکانییـەوە. مـەلا دیسـان دەسـتی دایـەوە دوعـای خێـر و لەپشـت هـاڵاوی دوعـای خێـرەوە چـاوی کەوتـە سـەر سـەعاتی مەچەکـی ماردیـن کـە میلەکانـی وەک دوو توولەمـاری زێڕیـن هەرکامەیـان لووتیـان نابـووە گۆمێکی ئەڵماسـینەوە. چارەکێکـی مابـوو بـۆ چـوار. وتـی: بڵێـی بگەمـە نوێـژی عەسـر، دەسـتی کـردە نێـو گیرفانـی شـەرواڵ کوردییـە پـان و پۆڕەکەیـەوە و سـەعاتێکی دیجیتاڵـی مووچەیـی مۆدیلـی کۆنـی دەرهێنـا، کـە یەکێـک لـە لاسـتیکەکانی پێـوە نەمابـوو. بـە شـەرم و بزەیەکـی لارەملانـەوە لای کـردەوە لای ماردیـن و وتـی: سەعاتەکەیشـم ئیتـر کار نـاکات، کەسـیش چاکـی ناکاتـەوە بـۆم، ئەڵێـن ئیتـر بەکەڵـک نایـەت و سـەعاتێکی تـازە بکـڕە.
ماردیـن بەبـێ مەیلـی سـووچە چاوێکـی بڕییـە سـەعاتە کۆنەکـەی دەسـتی مـەلا کـە خەریکبـوو بەئەسـپایی ئەیخسـتەوە نێو گیرفانـی پانتۆڵەکەی. مچوڕکێـک هەمـوو جەسـتەی تەزانـد. هەسـتی کـرد خوێنێکـی داخ بـە گیانیـدا ئەگـەڕێ. هەناسـەی سـوار بووبـوو. دڵـی وەک بەچکـە چۆلەکەیەکـی ترسـاو تونـد تونـد لێـی ئـەدا. چـاوی بـەرەو ڕێـگای تەماویـی بەردەمـی و لاچاوێکـی بـەرەو مـەلای ئـارام و ئەرخایەنـی پـاڵ دەسـتییەوە بـوو.
– بڵێـی پێـش بانگـی مەغریـب بگەیەنـە بـەرۆ و نوێژەکـەی عەسـرم نەفەوتـێ؟
بـە ڕاوەسـتانی لەنـاکاوی ئۆتۆمبیلەکـە مـەلا فـڕە درایـە پێشـەوە و دیسـان هـەر بـەو توندییـەوە کەوتـەوە سـەر کورسـییەکەی. بە سەرسـووڕمانەوە ڕوانییـە چـاوە پـان و شـینەکانی ماردیـن کـە بێبەزەییانـە ئاماژەیـان پـێ ئەکرد دابـەزێ. مـەلای پەشـۆکاو دەسـتی برد بـۆ دەسگیرەی دەرگاکـەی پـاڵ خـۆی، بـەڵام چـاوی هـەر لـە ماردیـن بـوو و بـە تەمـای بەزەیـی خواوەنـد و عەبدەکـەی کـە ماردیـن گوڕانـدی: دابـەزە! زوو!
مـەلا دەسگیرەکەی کێشـا و لەسـەرەخۆ دابـەزی. هێشـتا دەرگای ئۆتۆمبێلەکـەی تـەواو پێـوە نەدابـوو کـە توێتـای سـپی وەڕێ کـەوت و لە مـەلای واقوڕماو دوور کەوتەوە.
مـەلا جامانەکـەی پێچایـەوە دەوری سـەر و ڕوومەتـی و تەنیـا چاوەکانـی بـە دەرەوە مابـوون کـە هێشـتا هـەر لکابوونـە توێتـا سـپییەکەوە و دڵیـان لـێ نەئەکەنـد. لەبـەر خۆیـەوە وتـی: سـوبحانەڵڵا ، ئـەوە چـی بـوو ئـەو شـڕ و شـێتە.. نـاوی خـوام هێنا

جن پەڕیە نێوچاوییەوە و بوو بە شەیتان لێم.

ئیتر تارمایی مەلای لە ئاوێنەی ناوەوەیش نەدەدی و پشتەوەی سپی سپی بوو وەک بەرەهووتێکی جەهەنەمی. وردکەبەفر دەستیان کردەوە بە خۆکوتانە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەی. چاوێکی لە سەعاتەکەی موچەی کرد. تا بانگی مەغریب زۆری مابوو، بەڵام هەوا ڕووی لە تاریک بوون نابوو و جادە و ڕێگای بەردەمیشی هێدی هێدی خەریک بوو ئەبوو بە تێکەڵاوێک لە سپیایی و تارمایی. لەناکاو قیژەی تایەرەکەی کێشرایە سەر جادە بەستووەکە و ڕاوەستا. سەری نایە سەر فەرمانەکە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. هەستی کرد ئاگری تووڕەییەکەی هەڵپەکەی دەسپێکی نەماوە و تۆزێک دامرکاوە. سەری هەڵبڕی و دەوری دایەوە. نە ڕێگاکە و نە ڕۆژەکە بۆ توند لێخوڕین نەئەبوون، بۆیە لە مەلا زۆر دوور نەکەوتبووەوە. کاتێک لەبەردەمیدا ڕایگرت، بینی کە بە کزۆڵییەوە لە قەراخ جاددەکە کوڕپەی کردووە. مەلا بە بینینی تویتاکە هەستایەوە سەر پێ. تنۆکە بەفر مژۆڵەکانی سپی کردبوون. دوودڵ بوو لەوەی دەست ببا بۆ دەسگیرەی دەرگای ئۆتۆمبێلەکە. ماردین دەرگاکەی بۆ کردەوە و وتی: سوار بە. مەلا دیسان بە سەلاموعەلەیکێکی لە بنەوەی هەڵقییەوە، بەڵام بەو گەرموگوڕیەی یەکەم جاری دانەنیشت. تویتا وەڕێ کەوت.

– پێم وانەبێ منت لە بیر مابێ.. مەلا کە کپ و مات چاوی بڕیبووە ڕێگای بەردەمیان، لای کردەوە بەرەولای ئەو شوفێرە لاوەی کە ئەوپەڕی سی ساڵی بوو. قژێکی پڕ و لوولی قاوەیی ڕوون ، دەست و مەچەکی خڕ و شان و باهووی پتەوی لە ژێر چاکەتە گەرمەکەیدا وای ئەنواند کوڕێکی چوارشانەی وەرزشکار بێ. هیچی بیر نەهاتەوە. شوفێری چوارشانە ڕوو لە جادە و کرێوەی بەردەمی بە تۆنێکی ئارام و نەرمونیان وەک ئەوەی شتێکی وەبیر دێنێتەوە، وتی: مزگەوتی ئیحسان، حوجرەی مەلاعارف.

مەلا چاوی بڕییە چاوە پان و شینەکانی ماردین و دەمی واق وڕما: تۆ... تۆ! دەستی تۆزێک توند کێشایە تەوێڵی ، کوڕەکەی کا میرزا، دادە حەلاو.

شوفێر بە زەردەخەنەی سووچی دەمییەوە وتی: دیسان باشە ناوی باوک و دایکمت لە بیر ماوە مەلانەبی.

مەلانەبی سۆزێک گرتبووی: چۆن ئەکرێ باوک و دایکتم لەبیر بچێ. کەم دانیشتوومە سەر سفرەیان.. تۆ ناوت چی بوو کوڕەکە؟ سەری بەم لا و ئەولا بادا وەک بڵێی فاڵ ئەگرێتەوە. ناوتم بۆ لە بیر نەماوە؟

شوفێر بزەیەک لێوەکانی لێک ترازند و سمێڵە زەردەکەی بە سەر ڕوومەتیدا پەخش کردەوە: بەڵام من تەنانەت سەعاتەکەیشتم لە بیر ماوە مەلانەبی.

مەلانەبی دەستوبرد دەستی بەرەو گیرفانی شەرواڵەکەی برد. شوفێر دەستی هەڵبڕی بە مانای ئەوەی پێویست ناکات دەری بێنێ.

– هەر کە بینیم ناسیمەوە.

مەلا پرمە پێکەنینێکی کرد: جا تۆ منداڵی دوێنێی و کەی بیر و زەینت وەک من کز بووە. من ناوی هیچ کام لە منداڵەکانی حوجرەم لەبیر نەماوە، چەند دانەیەکیان نەبێ کە بوونەتە مەلا و لە لادێکانی ئەم دەوروبەرەدا بەرنوێژی ئەکەن. ئەرێ باشە کوڕی کامیرزا، دایک و باوکت چۆنن؟ ساغ و سەلامەتن ئینشاڵڵا؟

دوو چاوی بڕیبووە ئەو کڵۆ بەفرانەی تا ئەبوو گەورەتر ئەبوون و توند توند خۆیان ئەکوتا بە شووشەی ئۆتۆمبێلەکەیدا. مەلانەبی وەک بڵێی چاوەڕێی وەڵامی شوفێر نەکات درێژەی دا: ئای

چەندە باوکت دەسبڵاو و دڵگەورە بوو، چەندە پارەی بە دزی (مەلا ساڵح)ـەوە ئەخستە نێو گیرفانمەوە.. هەناسەیەکی هەڵکێشا. کەم کەلانە پیچکی دەستی دایکتم نەخواردووە، لەبیرتە بەجیا چەپکە کەرێی بۆ ئەنامە تویێی کەلانەکە و ئەیدا بە تۆ و تۆ... ما.. مار..دین.. ماردین... ناوەکەتم بیر کەوتەوە.. ماردین.. لەبیرمە بە باوکتم وت تۆ ئاوا پیاوێکی دینداری چۆن ناوی منداڵەکانت هیچ کامیان ئیسلامی نین، وتی: فەقێ گیان! ئەوەڵ ماڵ، دوایی مزگەوت. ئەوکات تێ نەگەیشتم .. زۆر درەنگ تێگەیشتم مەبەستی باوکت چی بوو. پێم سەیرە تۆ باش ناوی منت لەبیر مابوو.

ماردین بزەیەکی بە گاڵتەوەی کرد و وەک بڵێی لەبەر خۆی ورێنە ئەکات وتی: مەلانەبی.. مەلانەبی! ساڵانێکی زۆر ناوت و سەعاتە کاسیۆکەت مۆتەکەی شەوانەم بوون.

مەلانەبی سەرێکی بۆ لەقاندەوە و بە گاڵتەوە وتی: حا.. ئەو هەموو توورەیی و غەزەبەت لەبەر ئەو ڕۆژەیە؟ یانی لەبەر ئەو سەعاتە قوڕازەیەی کە بیدەمە سواڵکەریش ئەیدا بە تەوقی سەرمدا گەرەکت بوو لەو بەفر و کڕێوەیەدا بەجێم بێڵی؟ ئاخر چی بووە؟ بۆ ئەوەندە بە لای خۆتەوە گەورەت کردووە؟

ماردین هەستی کرد دڵی توندتر لێ ئەدات.

- ئەزانی لەسەر ئەو کاسیۆیە چەندەیان تێهەڵدام؟ هەر ئەو باوکەم کە چەپک چەپک پارەی ئەخزاندە نێو گیرفانتەوە، چۆن بە فانسقە هەموو گیانمی ڕەش و شین کردەوە و چەند ڕۆژ لە ماڵدا حەپسی کردم؟ هەر ئەو دایکەم چەپک چەپک کەرێی ئەخستە تویێی کەلانە پیچکەکەتەوە، چەندەی کێشا بە سەر و چاوی خۆیدا، چەندە دوعای شەڕی لێ کردم کە ئابڕووم بۆ نەهێشتوون؟ ئەزانی تا چەند ساڵ منداڵ و مەزم لە قوتابخانە و ماڵ و ئاوایی دزە دزەیان لێ نامەوە؟ ئەزانی هەر بەو سەعاتە ڕێگای مزگەوتت لێ بڕیم؟

مەلانەبی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وەک بڵێی بەناچاری بڕکە بڕکە دایەدەرەوە.. ویستی شتێک بڵێت، بەڵام تامی دەمی دایەوە، لێوی گەست و بێدەنگ مایەوە.

- زۆری ماوە بگەینە حەسەناوا؟

ماردین بە گاڵتەوە وەڵامی دایەوە: بەپەلەی ڕزگارت بێ بە دەستمەوە؟

مەلانەبی پاڵی دایەوە و قایشەکەی بەست. چاوی نووقاند. هەناسەیەکی نیوەقووڵی هەڵمژی و خێرا دایە دەرەوە.

- کاکە ماردین! من هەرگیز بیرم لەوە نەکردەوە کە ئەو کارەی من ئەو هەموو ئازارەی بە تۆ چەشتبێ، بمبەخشە. بمبەخشە با خوای گەورەیش من بمبەخشێ.

ماردین تۆزێک ئەهوەنتر بووبوو.

- پێت وایە بە پەشیمان بوونەوە و داوای لێبووردن هەموو شتێک تەواو ئەبێ؟

مەلانەبی وەک ئەوەی قسەکەی ماردینی نەبیستووە، بە ئارامی و لەسەرەخۆ وتی: ڕاستییەکەت ئەوێ لەو کارەی کردوومە پەشیمان نیم.

دیسان تورموزێکی لەناکاو و دیسان مەلانەبی سەری تا لای شووشەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە چوو و گەڕایەوە.. ملی لار کردەوە بەرەولای ماردین و وەک ئەوەی سەر بنێتە سەر کوڕە بچکۆلانەیەک وتی: دابەزم؟ چاوەکانی ماردین پڕ پرسیار و تینووی وەڵام خۆیان گیراندبووە چاوەکانی مەلانەبی. مەلا تەزبێحە قەزوانییەکەی لە گیرفانی دەرهێنا.

– هەندێ شت هەیە کە بۆ وتن نابن، ئەبێ لەگەڵ خۆت بیانبەیتە ژێر خاک.

بە بێ وتنەوە هیچ زیکرێک دەستی کرد بە داخستنی توند توندی قەزوانەکانی. ڕوو لەو کڵۆبەفرانەی ئارام و بە دڵنیاییەوە خۆیان ئەخزاندە باوەشی شووشەی ئۆتۆمبێلەکە و پەشۆکاو و ترساو ئەتوانەوە و دائەچۆڕانە خوارەوە، وتی: بڕۆین کاکەگیان! درەنگە. ماردین و تویێتاکەی کەوتنە ڕێ و دیسان جادەی بەستوویان گرتەوە بەر.

– مەلاساڵح-ت لە بیرە؟

– هەمووتانم لەبیرە

– من تازە هاتبوومە حوجرەی لادێکەی ئێوە. لە هیچ حوجرەیەک جێگایان نەکردمەوە. چاو لە باوکت مەکە خواپێداو و دەسبڵاو بوو، ئەو ساڵانە هێشتا سنوور نەکرابووەوە و خەرجی حوجرە و فەقێیان بۆ زۆربەی خەڵک زۆر قورس بوو. باوکم خزمایەتییەکی دووری لەگەڵ مەلاساڵح هەبوو. زۆری لێ پاڕایەوە، وتی هەموو هیوایەتم ئەوە بووە کوڕەکەم بێ بە مەلا. مەلا ساڵح-یش وتی کە ئەو بەس مەلایەکی سادەیە و هەرگیز لە ئاستێکدا نەبووە فەقێ لەلای دەرس بخوێنێ. ئەوپەڕی بەرنوێژی چوار پیر و پەککەوتەی لادێی کردووە و جاروباریش چوار کەلیمە قورئانی فێری منداڵان کردووە، بەڵام باوکم دەسبەردار نەبوو. ئاخری مەلاساڵح وتی باشە ئەم زستانە لای خۆم ڕای ئەگرم، بەهارمان لێ هات حوجرەیەکی باشی بۆ پەیدا ئەکەم. مەلاساڵح هەمیشە یارمەتی دایک و باوکی پیری دابووم، بۆیە ئەو ڕۆژەی کە هەندێ شتم بۆ دەرکەوت، هەستم کرد هەموو عالەم بەسەرمدا ڕووخاوە. لە جێگای باوک و برا گەورەم بوو، هەمیشە سووکە یارمەتییەکی ئەگەیاندە دەستی باوکم. بە فەردە برنج و تەنەکە ڕۆن یارمەتیدەری ماڵی پڕمنداڵی باوکی کوێر و دایکی نەخۆشم بوو، چۆن ئەمتوانی بەرانبەری ڕاوەستم؟ هەرگیز ڕووم نەبوو چاو لە نێوچاوانی بکەم، چ بگا بەوەی پێی بڵێم چیم لێی بینیوە و چی لێ ئەزانم.

ماردین بە چاوی پڕ گومان و دەمی واقوڕماوی لای کردەوە لای مەلانەبی و دیسان چاوی بڕیەوە ڕێگای بەردەمی.

مەلانەبی هەناسەیەکی قووڵی تری هەڵکێشا:

– چەند شەوێک تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت، لە جێگاکەم تلاوتلم ئەکرد کە چی بکەم؟ بە باوک و دایکی منداڵەکان بڵێم منداڵەکانیان نەنێرن بۆ مزگەوت؟ چۆن شتی وا ئەکرا؟ چۆن ئەو سپڵەییەم بەرانبەر بە مەلاساڵح کردبایە؟ ئابڕووی کەسێکم بردبایە کە ساڵانێکی زۆر ئابڕووی باوک و دایکی منی پاراستبوو. نەیهێشتبوو لە خۆی نەبێ لە کەسی تر دەست ڕادەن.

ماردین چاوە سەوزەکانی بڕییە دەستە چرچ و چەقەکانی مەلانەبی کە هەروەک دەمی، هەر وەک دەنگی دەلەرزین. سەری دەرنەئەهێنا کە مەلانەبی باسی چی ئەکات، بەڵام دڵنیا بووبوو کە ئەم باس و بەسەرهاتە بە لەونێک پێوەندی بە ئەو و سەعاتە کاسیۆکەی (مەلا نەبی)یەوە هەیە.

– لەوە بەدوا هەرگیز منداڵەکانی مزگەوتم بە تەنیا بەجێ نەئەهێشت و هەر منداڵێک هاتبایە بۆ قورئان خوێندن، خێرا بە لەونێ کارێکم ئەکرد مەلاساڵح بیدایە دەستی خۆم قورئانی پێ بڵێم، یان ئەگەر حەواڵەی منی نەکردبایە، هەر لەو دەوروبەرە خۆم بە شتێکەوە مژووڵ ئەکرد و هەموو هۆشم بە لای ژوورەکەی مامۆستاوە بوو. ڕۆژێک کابرایەکی باڵابەرز و

پێکەوتووم بینی کە کوڕێکی حەوت هەشت ساڵانی خنجیلانەی ڕێک و پۆشتەی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ مزگەوت.

- پاڵتاو و پووتینی تازەیان بۆ کڕیبووم.

- گووپەکانت لە سەرما سوور هەڵگەڕابوون، کە باوکت وتی بانگی مامۆستا بکە، هەموو گیانم تەزی. ویستم بڵێم خۆم قورئانی فێر ئەکەم کە مەلاسالح هات و بە چاک و چۆنی ئێوەی بردە ژوورەکەی خۆیەوە.

- عەمەجزمێکی کۆن و ڕزیوی دا بە دەستمەوە . هەر کە لە دەستم وەرگرت لاپەڕە دڕاو و زەردهەڵگەڕاوەکانی ڕژانە سەر فەرشە سوورەکەی ژووری مامۆستا.. باوکم وتی مامۆستا خۆم قورئانێکی تازەی بۆ ئەسێنم.

مامۆستا وتی: پێویست ناکات، کەلامی خوا کۆن نابێ. نازانی بەو عەمەجزمە کۆنە و لێک هەڵوەریوە، چەندە منداڵم فێری قورئان خوێندن کردووە.

مەلانەبی هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا و بە ئەنقەست دەرفەتی دایە ماردین. ماردین بیری لەو ڕۆژەی خۆی و باوکی و ژوورەکەی مامۆستا ئەکردەوە کە وەک خەیاڵێکی زەرد و قاوەیی لە سووچێکی دوور و تاریکی مێشیکدا ئەلەنگایەوە.

- تا بەر دەرگا ئاسنینەکەی حەوشی مزگەوت تۆ و باوکتم بەڕێ کرد، تۆ دەستت کردە تۆپەڵە بەفر دروست کردن و ئاگات لێ نەبوو کە باوکت چاوێکی لە چۆخە و ڕانکە کۆن و ڕزیو و پاڵتاوە شڕەکەی بەرم کرد و وتی: بڕۆ لای حەمەلاوی خەیات بڵێ کامیرزا ناردوومی. دەسێ چۆخەرانک بۆ خۆت بدە دوورین. بڕێ پارەیشی خزاندە گیرفانمەوە، ئەوەش بدە پێڵاو و پاڵتاو. چاوێکی گێڕا بزانێ مەلاسالح-مان لێوە دیار نییە. سووکە پێکەنینێکی کرد و چرپاندییە گوێچکەم: مەلا ئەبێ تەڕپۆش و پێکەوتوو بێ، ئەگینا کەس گوێی ناداتێ. سەری نێزیکتر کردەوە بۆ ئەوەی تۆ نەیبیستی: ژنان بۆ مەلای تەڕپۆش ئەمرن.

جادە و ڕێگای سپی توێژاڵێکی تارمایی لێ نیشتبوو، وەک بڵێی ڕۆژ بارگە و بنەی کۆ کردبووەوە و خەریکبوو ماڵاوایی ئەکرد. ماردین بیری لەوە کردەوە کە نوێژی عەسری مەلا نەبی ئەفەوتێ. مەلانەبی-ش بیری لەو ڕۆژەی کردەوە کە ماردین لە ڕیزی منداڵی گەورە و بچووک دانیشتبوو عەمەجزمێکی تازەی لە بەردەم دانرابوو.

- زیرەک بووی، خێرا حینجە فێر بووی و چەند سوورەتێکیشت لەبەر کردبوو. باوکت پارەی کڕینی چەند عەمەجزمێکی تازەیشی پێدام، کە هێنامەوە بۆ مزگەوت بە مەلاسالح-م وت کە کامیرزا ئەم عەمەجزمانەی کڕیوە بیدەم بەو کوڕانەی قورئانیان پێ ئەڵێمەوە، مەلاسالح چاوێکی لێ کرژ کردم و عەمەجزمە تازەکانی لێ سەندم و بردی بۆ ژوورەکەی خۆی. لەو ڕۆژەوە بە کوڕەکانم وت تەنیا ئێواران پاش نوێژی عەسر بێن بۆ مزگەوت و ئەگەر من نەبووم خێرا بچنەوە بۆماڵ. مامۆستا ئیتر تاقەتی هەرا و قاڵی منداڵانی نییە و ئێوەی داوەتە دەستی من.

ماردین بیری ئەو هار و هاجییانەی کەوتەوە کە لە نێو هۆڵە گەورەکەی مزگەوتدا ئەیانکرد. هەڵات هەڵاتیان خەوی لە سەر پیرەپیاوانی مزگەوت ئەپەڕاند و خادمی مزگەوتیش بە گسکەکەی کە دارێکی درێژی پێوە بەستبوو ئەکەوتە شوێنیان و تا دوادانەیانی بە جوێن و هەڕەشە لە مزگەوت دەرئەکرد.

- ڕۆژێک مەلاسالح ناردمی بۆ شار بۆ ئەوەی ئەو کتێبانەی بۆ بێنم کە لە کتێبخانەکەی حاجی مامۆستا بۆ مزگەوتی ئیحسان دانرابوون. حاجی مامۆستا کە عەمری خوای کرد کتێبخانەیەکی گەورەی لێ

بەجێ مابوو پڕ لە کتێبی بەنرخ و نایابی عەرەبی و فارسی و کوردی. تاقەکوڕەکەیان هەر لە یەکەم ساڵانی پاش ئینقلاب کوشت، ژنەکەیشی ئایشێ خانم بڕی ساڵەوەختی جوانەمەرگەی نەکرد و خەفەت کوشتی. هەشت کچەکەیشی کە شوویان کرد، ئیتر حاجی مامۆستا مایەوە و کتێبخانەیەکی گەورە و تایبەت کە کەس نەبوو پاش خۆی ڕایگرێ، بۆیە پێش مردنی لیستێکی دوورودرێژی نووسیبوو کتێبەکانی بەخشیبوو بە کتێبخانەی حوجرە و مزگەوتەکانی هەموو شار و شارۆچکە و لادێ و دەرگاکانی دەوروبەری جوانڕۆ تا ڕوانسەر و پاوە و هەورامان و لەوێشەوە تا ئەگەیشتە تەوێڵە و بیارە. ئەو ڕۆژە زۆرم پێچوو، تا زاوای نالەبار و ناحاڵی مامۆستام ڕازی کرد دووکانی مامرفرۆشییەکەی داخات و بمبات بۆ ماڵە کۆنی حاجی مامۆستا و لەنێو ئەو هەموو کتێبە ڕژاو و پژاوەدا ئەو چەند کتێبەم پەیدا کرد کە حاجی مامۆستا بۆ مزگەوتی ئیحسانی دانابوو، ئێوارەم لێهات و کە گەڕامەوە تۆ و کوڕەکانی تر لە مزگەوت ئەهاتنە دەرەوە، مەلاساڵح خۆی دەرسی پێ وتبوون.

ماردین وەک بڵێ هیچ نابیستێ چاوی بڕیبووە ڕێگای بەردەمی. ئەو ڕۆژەی کەوتەوە بیر کە مەلاساڵح دەستی کێشابووە سەری و چنگی کردبووە نێو قژە لوول و زەردەکانی و سەری پێ هەڵبڕیبوو، چاوە زەردە تۆقێنەرەکانی کە لە چاوی مار ئەچوون، بڕیبووە نێوچاوانی ماردینەوە، وەک بڵێی چاو لە حۆرییەکی بەهەشتی ئەکات، وتی: تبارک الله احسن الخالقین". تەزوویەک بە پشتیدا هات.

مەلا نەبی دەستی کردە نێو گیرفانی. سەعاتە کاسیۆکەی دەرهێنایەوە. چاوی لە سەعاتەکەی دەستی ماردین کرد و وتی: ئەرێ سەعات چەندە؟

ماردین بێ ئەوەی چاو لە سەعاتەکەی بکات وتی: نوێژەکەی عەسرت فەوتاوە مەلا.

مەلانەبی کاسیۆکەی خستەوە نێو گیرفانی.

– ڕۆژی دواتر کە هاتی بۆ مزگەوت، بانگم کردی و سەعاتەکەم پێدای.

ماردین لێوی کێشایە ژێر ددانەکانی؛ وەبیری هاتەوە چۆن مەلانەبی سەعاتەکەی خستە نێو گیرفانی پانتۆڵەکەی و پێی وت کە ئەو سەعاتەی ئەداتێ لەبەر ئەوەی کە زۆر زیرەکە، بەڵام نابێ بە کەس بڵێ.

مەلانەبی بێدەنگ بووبوو. ئارەقەی سارد نێوچاوانی داپۆشیبوو. بە سووچی سەرینەکەی نێوچاوانی سڕی.

ماردین بە دوو دەستی توند فەرمانی ئۆتۆمبێلەکەی گرتبوو، چاوی بڕیبووە ڕێگای بەردەمی کە تا ئەچوو سپیاییەکەی ڕووی لە بۆر بوون ئەنا و پێش چاویان لێڵتر ئەبوو. مەلانەبی دیسانەوە ئارەقی نێوچاوانی بە سووچی سەرینەکەی سڕی . دەنگی بە زۆر ئەهاتە دەرەوە.

– من؟

ماردین هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– کەس بڕوای پێ نەئەکردم. ئەیانوت ئەو فەقێ هەژار و نەدارە چۆن خۆی سەعاتەکەی داوە بە تۆ؟ ئەگەر داویەتی چۆن ئەڵێ لێی دزیوم؟

– ئەوکات هەر ئەوە گەیشتە مێشکم بۆ ئەوەی لە مەلاساڵح دوورت بخەمەوە، عەفووم بکە. دەنگی مەلا نەبی وەک بڵێی لە نێو بیرێکی قووڵەوە ئەهاتە دەرەوە، بە حاڵ ئەبیسترا.

ماردین لایەکی پڕ غەزەبی کردەوە بەرەو مەلا نەبی، زەردەخەنەیەکی تاڵی کوتا بە ناوچاویدا و دیسانەوە چاوی بڕییەوە ڕێگای بەردەمی. بە سووکە کۆخەیەک قوڕگی ساف کرد، بەڵام

دەنگی هەر ئەلەرزی.

- هەتا دە ساڵ هەر ئەو پەڵەی دزییە لە نێوچاوانم مایەوە، باوکم ئیتر ئەو دڵخۆشییەی نەما کە پێشتر بەرانبەر بە دوارۆژی من هەیبوو.

دەستی سفت بە فەرمانەکەوە گرتبوو بۆ ئەوەی مەلا نەبی لەرزینی دەست و مەچەکی سفت و بتەوی نەبینێ.

- لە مەدرەسە خۆ هەر ناوم دزە بوو. تا چەند ساڵ کە منداڵان بەلامەوە تێ ئەپەڕین و بە گاڵتەوە ئەیانپرسی: ئەرێ ئەوە سەعات چەندە؟ هەموو گیانم ئەلەرزی و پەڵەمە گریانم پێ ئەکەوت.

مەلا نەبی سەری داخستبوو. ئەو چەند چرایەی نەبینی لە دوورەوە دەرکەوتن و تابلۆ بەفر لەسەر نیشتووەکەیش کە بە فارسی لەسەری نووسرابوو: (بە روستای حسن آباد خوش آمدید).

توێتای سپی کە پێچایە نێو جادە بەفرینەکەی حەسەناوا، مەلا نەبی سەری بەرز کردەوە و وتی: هەر لێرە دائەبەزم، تا نێو ئاوایی زۆری نەماوە.

ماردین لەبەر دووکانێکی نێو ئاوایی ڕایگرت کە دوو پیاوی سەر و گوێلاک داپۆشراو خزابوونە ژێر چەترێکی ڕەشی گەورەوە. مەلا نەبی دابەزی و پێش ئەوەی دەرگای ماشینەکە دابخات وتی: تۆ کوڕی باوکتی، دڵت گەورەیە، عەفووم بکە.

پیاوەکان بە چەترە گەورەکەی سەر سەریانەوە هاتنە پیری مەلا نەبی-یەوە. ماردین مەیدانە چکۆلەکەی حەسەناوای دەور دایەوە و لە ئاوێنەی نێو ئۆتۆمبێلەکەی دوو پیاوەکەی بینی کە مەلا نەبی- یان خستبوویە ژێر چەترە گەورەکەیانەوە و خەریک بوون لە پلیکانەکانی کۆڵانێکی باریک و نیوەتاریک سەرئەکەوتن. دەوری دایەوە و هەر لە بەردەم دووکانە داخراوەکەدا ڕایگرت. مەلا نەبی لای کردەوە و کە ماردین-ی بینی دابەزی و بەرەو لای پلیکانەکان هات، ئەویش پیاوەکانی بەجێ هێشت و لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە.

- ئێوارە ناوەختە و ڕێگاکەی سەختە، وەرە تۆیش ئیمشەو لێرە بمێنەوە.

ماردین دەستی مەلا نەبی گرت. مەلا نەبی هەستی کرد شتێکی قورسی ساردی لە نێو لەپی دەستی داناوە. بە سەرسوڕمانەوە چاوی لە سەعاتەکەی ماردین کرد. ماردین بەرەو لای ئۆتۆمبێلەکەی گەڕایەوە. مەلا نەبی چاوێکی لەو پیاوانە کرد لە سەر پلیکانەکەوە چاوەڕێ بوون. بەرەو لای ماردین ڕای کرد. دەستی گرت.

- ماردین، لەوە زیاتر شەرمەندەم مەکە.

بزەیەکی شیرین و شەرمنانە لێوە ئاڵەکانی ماردینی لەژێر سمێڵە زەردەکەی دەرخست.

- مەلا نەبی تازە ئەو کاسیۆ شڕەت بۆ ساغ نابێتەوە.

توێتای سپی مەیدانە بچکۆلەکەی حەسەناوای بەجێهێشت و مەلا نەبی بەرەو لای پلیکانەکان گەڕایەوە.

کە بانگی دا بە گوێچکەی ئەو ماتۆڵکەی (مەلۆتکەی) لە سەر کۆشی دانابوو، بە ئارامی هەڵیگرت و ویستی داینێتەوە سەر عەرز کە باوکی منداڵەکە وتی: مامۆستا! من و دایکی پێمان خۆشە خۆت ناوی کوڕەکەمان هەڵبژێری. مەلا نەبی چاوی لە دایکی کۆرپەکە کرد لە سووچێک دانیشتبوو و بزەیەکی ڕەزامەندانەی لە سەر لێوی بینی. چاوی سووڕاندە سەر خاڵە ئەڵماسییەکانی سەعاتەکەی کە وەک ئەستێرە ئەدرەوشانەوە.

- لەسەر ئیزنی دایک و باوکی ئەم کۆرپەیە، ئەوا من ناوی ئەم کوڕەم نا ماردین.